# پارتە سیاسیەکان ورۆلیان لە پتەوکردنی سیستەمی دیموکراسی

د. عدنان عبداللە رشید
کۆلێژی یاسا / زانکۆی ئیشك

## پێشەکی

لەو کاتەی مرۆڤ پەیدابووە لەسەر ئەم زەوییە هەر لە ململانی دابووە لەگەڵ دەوربەری خۆی، جا ئەم ململانێیە لەگەڵ سروشت یان لەگەڵ مرۆڤەکانی ترەوە بووبێت. ولە بەر ئەوەی مرۆڤ ناسراوە بە خۆپەرستی بۆیە هەمیشە هەوڵیداوە بەکەمترین تێچوو زیاترین بەرژەوەندی بەدەست بهێنیت، ئەوەی باسی لێوە دەکەین جی بەجی دەبێت لەسەر زۆربەی زۆری مرۆڤەکان، بەڵام مەرج نیە هەموو مرۆڤەکان وابن، چونکە نموونەمان هەیە لە مێژوو ولە ژیانی رۆژانەی خۆماندا کەوا مرۆڤ هەیە بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی خۆی زال دەکات، بەڵام ئەم نموونانە دەگمەنن بە تایبەتی لە رۆژگاری ئیمرۆماندا. و کاتێك مرۆڤەکان دەخوازن بەرژەوەندیەکانیان بەدەست بهێنن، دەزانن کەوا ناتوانن هەموو یاخود زۆرترین ئەم بەرژەوەندییانە بە تەنیا بەدەست بهینن، بۆیە رێکدەکەون هەموو ئەو مرۆڤانەی بەرژەوەندی وبیریان لێك نزیکە لەیەکترییەوە لە نێو قەوارەی پارتێکی سیاسی گردببنەوە.

ئەوەی پارتی سیاسی لە دەستە نا فەرمییەکانی تری کۆمەڵگا (وەکو سەندیکا، رێکخراوێکی ناسیاسی..هتد) جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە پارتی سیاسی ئامانجی گەیشتنە بە دەسەڵات و مانەوەیە لە دەسەڵات بۆ زیاترین ماوە.

## 1- پێناسەی پارتی سیاسی:

تاکو ئێستا هەموو پسپۆران هاوڕا نین لەسەر یەك پێناسە لەڕووی زارەوەیی بۆ پارتی سیاسی، ئەوەش بە رای ئێمە بۆ جیاوازی سیستەمە سیاسیەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەو پارتانە تیایاندا کار دەکەن، ئایا سیستەمێکی دیموکراسییە یان نیمچە دیموکراسی؟ ئایا سیستەمەکە بە چ شێوازێکی سیستەمی پارتایەتی وەردەگریت: سیستەمی پارتی سەرکردە، یان فرە پارتایەتی، و یاخود دوو پارتایەتی، یان تاك پارتی؟.. هتد. بۆیە لێرە چەند نموونەیەك وەردەگرین لە پێناسەکان لە رووی زاراوەییەوە بەجۆرێك هەر نمونەیەك ببێتە جیاکرەوەیەك بۆ رەوتێك لە رەوتەکانی پێناسەی پارتە سیاسیەکان.

پارتی سیاسی لە رووی زمانەوانەییەوە مانای کۆمەڵێك یان گرووپێك دەگەینێت.

بەڵام لە رووی زاراوەییەوە پێناسەی پارتی سیاسی لای بیری لیبرالی رۆژئاوایی خۆی لە گەیشتن بە دەسەڵات دەبینێتەوە، لەوانە پێناسەی ئۆستن رێنی بۆ پارتی سیاسی کەوا دەڵێیت[1]: "کۆمەڵێکی رێکخراوی خاوەن سەربەخۆیەکی خودیە، هەڵدەستێت بە دیاریکردنی پاڵێوراوانی، دەچێتە نێو ململانی ی هەڵبژاردن بە هیوای بەدەستهێنانی پایە حکومیەکان".

بەڵام لای بیری مارکسی-لینینی پێناسەی پارتی سیاسی خۆی لە ململانی چینایەتی دەبینێتەوە. وەکو ئەوەی لینین دەربارەی پێناسەی پارتی سیاسی دەڵێت[2]: "پێشەنگی خەباتگێڕی سەرکردەیە، لە شۆرشگێڕانی لێهاتووی رێکخراو پێکهاتووە، خەسڵەتی چینێکی هەمیشەیی لە سەرکردەی ئاراستەکەری پێوە دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی". هەندی نوسەری تر ئەوانەی گرنگیانداوە بە لێکۆڵینەوە لە بابەتی پارتە سیاسیەکان، هیچ پێناسەکیان بۆ پارتی سیاسی لە دووتوی کتێبەکانیان نەخستۆتەڕوو، وەکو رۆبرت میشال و مۆریس دۆفرجیە[3]. هەندی نوسەری تریش لەشوێن ئەوەی پێناسەی پارتی سیاسی بکەن، هاتوون رەگەزەکانی پارتە سیاسیەکانیان ژماردووە، دەڵێین هەر پارتێکی سیاسی دەبێت ئەم ڕەگەزانەی تێیدا بەدی بکرێت (هەر پسپۆر و چەند رەگەزێك وەك پێوەر دیاری دەکات) تاکو بە پارتی سیاسی دابندرێن.

رەگەزەکانی پارتی سیاسی لای هەردوو زانا وینەر و لابالومبارا ئەمانەن: بەردەوامی رێکخستن، رێکخستنەکە پەرەبستێنیت تاکو هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە بەبی ئەوەی تایبەت بێت بە گرووپێکی دیاریکراو یا یەکەیەکی کارگێری بە تەنها، هەروەها ئامانجی وەرگرتنی دەسەڵات بێت یان بەشداریکردن لە دەسەڵات بێت، جگە لەوانەش پارتی سیاسی هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەری[4]، بەڵام لای دکتۆر محمد کازم المشهدانی رەگەزەکان خۆیان لەمانە دەبیننەوە: رێکخستن، ئایدلۆژیا، ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات[5]. و بەپێ ی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، پارتی سیاسی: رێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتی یەکی مەعنەوی یەو لە یەکگرتنێکی ئیختیاری پێك دێ لە نێوان کۆمەڵە کەسانێکی سروشتیدا کە چەند بیرو باوڕو ئامانجێکی هاوبەشی راگەیاندراو لە پرۆگرامی حیزبدا کۆیان دەکاتەوە وهەوڵ دەدەن بەڕیوشوێنی دیموکراتیانە بەدیان بهێنن[6]. و بەپێ ی فەرمانی (پۆل بریمەر) بەڕێوەبەری کارگێری دەسەڵاتی

---

(1) اوستن رني، سياسة الحكم، ج2، ترجمة: د.حسن علي الذنون، المكتبة الأهلية للنشر، بغداد، 1966، ص3.

(2) لينين، حول عمل الحزب بين الجماهير، ترجمة: ألياس شاهين، دار التقدم، موسكو، ص8.

(3) د. صباح مصطفي المصري، النظام الحزبي، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، 2007، ص12.

(4) د. اسامة الغزالي حرب، الاحزاب السياسية في العالم الثالث، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، 1987،ص18-19.

(5) د. محمد كاظم المشهداني، النظم السياسية، مطبعة جامعة الموصل، 1991، ص215-218.

(6) ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1993 (یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق)، لە ژمارە (15)ی رۆژی 1993/11/6 لە رۆژنامەی پەرلەمان بلاوکراوتەوە.

کاتی هاوپەیمانان لە عێراق یاسایەك دەرچوو بە ناوی یاسای پارت ودەستە سیاسیەکان، کەوا: قەوارەی سیاسی واتای هەر رێکخراوێك و هەر پارتێکی سیاسی دەگرێتەوە، لە دەنگدەرانی لێهاتوو پێکدێت بە خۆبەخشی کۆدەبنەوە لەسەر بنچینەی بیر و یاخود بەرژەوەندی و یاخود ڕای هاوبەش بەمەبەستی دەربڕین لە بەرژەوەندیەکانیان وبەدەستهێنانی نفوز وکارئاسانی کردن بۆ نوێنەرانیان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بۆ پۆستی گشتی بپاڵێون، بە مەرجێك ئەو ڕێکخراوە رەزامەندی فەرمی وەکو قەوارەیەکی سیاسی لەلایەن کۆمیسیۆنی عێراقی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەربگرێت، جێگەی ئاماژەیە دەستەواژەی (قەوارەی سیاسی) لەوانەیە واتای یەك کەس بەتەنیاش بگەیەنێت کەوا دەخوازێت خۆی بپالێویت بۆ پۆستێکی گشتی، بەمەرجێك ئەو کەسە رەزامەندی فەرمی وەکو قەوارەیەکی سیاسی لەلایەن کۆمیسیۆنەوە بەدەست بهێنێت(ت).

بەڵام لای ئێمە پێناسەی پارتی سیاسی خۆی لەم چەند دێڕە دەبینێتەوە: دەستەیەکی رێکخراوی خاوەن دروشم وئامانج وئایدلۆژیایێکی دیاریکراوی گونجاوە لەگەڵ دەستور ویاسا ورێنماییەکانی دەوڵەتدا، پێکهاتووە لە کۆمەڵە کەسانێکی سروشتی خاوەن لێهاتوویی یاسایی لە نێو قەوارەیەکی دەرگا واڵا بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەخوازن بە پی ی پێڕەوی ناوخۆیی ببنە ئەندام تیایدا، وئەم رێکخراوە لە توانای دابێت  جەماوەر کۆبکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی پێویست لە کاتی هەڵبژاردنەکان تا بگات بە دەسەڵات بە مەبەستی جی بەجی کردنی بەرنامەو ئەجینداکانی خۆی، هەوڵی مانەوە لە دەسەڵات بدات بە گرتنەبەری هەموو رێگایێکی شەرعی یاسایی. ئەوەی جیێ باسکردنە، ئەگەر چی ئامانجی سەرەکی هەر پارتێکی سیاسی گەیشتنە بە دەسەڵات، بەڵام ئەمە تەنیا ئامانجی نیە (وەك هەندێك توێژەر بۆی دەچن)(ی).

## 2- شێوازەکانی دروستبوونی پارتە سیاسیە کان(ه):

دەتوانین بڵێین لەو کاتەی بۆ یەکەم جار دوو چین پەیدابوو، کە ئەوانیش: چینی حوکملێکراوەکان وچینی حوکمڕانەکان، بیرۆکەی پارتی سیاسیش پەیدابووە، چونکە هەر چینەوە دەخوازێت بگاتە

(ت) المادة الثانية من الامر الاداري للمدير الاداري لسلطة الائتلاف المؤقتة في العراق ذي الرقم (97) لسنة 2004 (قانون الاحزاب والهيئات السياسية)، منشور في العدد (3984) من الوقائع العراقية، 2004/6/15.

(ی) لەوانە کلینتۆن رۆسیتەر کە دەڵێیت: "ئەرکی سەرەکی پارتی سیاسی لە دەوڵەتە دیموکراسییەکان ئاراستەکردنی ململانێیە لە پێناو دەسەڵات وکۆنترۆڵکردنیتی". بڕوانە: کلینتون روسیتر، الاحزاب السياسيه في امريكا، ترجمه: د. محمد لبيب شنب، دار النشر للجامعات المصرية، 1960، ص45.

(ه) بۆ لێکۆلینەوە لە شێوازەکانی دروستبوونی پارتە سیاسیەکان دوو تیۆر هەیە: یەکێکیان پی ی دەڵێین تیۆری فەرەنسی کەوا دروستبوونی پارتە سیاسیەکان بە پەیدابوونی پەرلەمان ودەنگدانی گشتی دەبەستێتەوە، ئەویتریان تیۆری ئەمریکیە کەوا بۆ سی تیۆری لاوەکی دابەش دەبێت: تیۆری دەزگایی وتیۆری قەیرانی مێژوویی وتیۆری گەشەیی، بەڵام ئێمە بە تیۆری فەرەنسیانمان وەرگرت لەبەر ئەوەی زیاتر ناوبانگی هەیە لە نێو ئەدەبیاتی پارتە سیاسیەکان و زۆربەی ئەو کەسانەی لە بابەتی پارتە سیاسیەکان دەکۆڵنەوە بەم تیۆرەیان وەرگرتووە.

دەسەڵات و زۆرترین ماوە لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەم ئامانجەشی نایەتە دی مەگەر تاقمێك لە دەوری خۆی کۆنەکاتەوە، ئا ئەمەی ووتمان شێوازی سەرەتایی پەیدابوونی پارتی سیاسیە، جا لە یۆنانیەکان ورۆمانیەکان وشارستەکانی تری کۆنی مرۆڤ وەکو چین وهیندستان وئێران بگرە تا دەگاتە سەردەمی ئیسلامیشەوە. بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیە مەبەستمانە باسی لێوە بکەین ئەو پارتە سیاسیەیە (بە شێوازی نزیك لە ئێستا) کە ڕێکخستنی تێیدا بێت وئایدلۆژیایەکی روون وئاشکرای هەبێت وتوانای کۆکردنەوەی رای گشتی هەبێت بۆ لای خۆی ومەودای کارکردنی تایبەت نەبێت بە ناوچەیەکی دیاریکراودا لە وڵات وئامانجی گەیشتن بێت بە دەسەڵات لە ڕێگەیەکی ئاشتیانە، ئەمە شێوازێکی زۆر کۆن نیە، بەلکو بۆ نزیکەی دوو سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

## أ- شێوازی دروستبوونی نێوخۆیی (پەرلەمانی):

واتا ئەو پارتە سیاسییانەی لە ڕێگەی چالاکییەکانی دەزگای یاسادانانەوە پەیدابوون و گەشەیانکرد، بەجۆرێك پەیوەندیەکی کرداری ونەپچڕاو لە نێوان لێژنەکانی هەڵبژاردن وکوتلە پەرلەمانییەکان دروست بوو.

سەرەتای پەیدابوونی پارتە سیاسییەکان خۆی دەبینیتەوە لەو لێژنە هەڵبژاردنانەی کەوا لەهەر ناوچەیەك لە ناوچە هەڵبژاردنەکان بۆ بانگەشەکردن بۆ پاڵێوراوانەیان دروستدەکران، ئەم لێژنانەش سەر بە کوتلە پەڕلەمانییەکان بوون یاخود لەژێر کۆنترۆڵی ئەندامە بەناوبانگەکانی پەرلەمان کاریان دەکرد، جا دواتر ئەو لێژنانە بوونە چەند کۆمەڵەیەکی دیار ونوێنەرایەتی چەند کەسێکیان دەکرد کەوا هەمان بیرۆکەو هەمان ئامانج کۆیاندەکاتەوە، بەم جۆرە بەرە بەرە چەند پارتێکی سیاسی لێکەوتەوە لە ئەوروپا[ت].

یەکێك لە فاکتەرە هەر دیارەکان لە پشت پەیدابوونی پارتە سیاسیەکان بەم شێوازە، دانپێنان دەولەتە ئەوروپییەکان بوو بە پرەنسیپی دەنگدانی گشتی، چونکە ئەمە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران، ئەوەش پێویستی کرد چەند دەستەیەك پەیدابن بۆ ئامادەکردنی پاڵێوراوان وناساندنی خۆیان وبەرنامەیان بۆ دەنگدەران.

ولەگەڵ ئەو فاکتەرەی لەسەرەوە باسمان لێوەکرد چەند فاکتەرێکی ترەوە رۆڵیان هەبوو لە دروستبوونی ئەو جۆرە پارتانە، لەو فاکتەرانە[ث]:

1- فاکتەری فیکری.

2- فاکتەری جوگرافی.

---

(ت) حسین جمیل، نشأة الاحزاب السیاسیة، ط1، الدار العربیة للموسوعات، بیروت، 1984،ص25.

(ث) د. ریاض الصمد، مؤسسات الدولة الحدیثة، ط1، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، 1997، ص203.

3- فاكتەری بەرژەوەندی.

نموونەی ئەو پارتانەی بەم شێوازە دروستبوون، هەردوو پارتی (پارێزگاران) و (ئازادیخوازان) بوون لە بریتانیا، کەوا ئەم دروستبوونە بۆ سەرهەڵدانی دوو کوتلە لە نێو ئەنجومەنی گشتی دەگەڕێتەوە کە ئەوانیش: (Whig)ـە بە واتای دەرچوو لە یاسا (وشەیەکی ئوسکوتلەندییە) ومەبەست لی ی ئەوانەی لە کلیسەی فەرمی ی ئینگلیزی هەڵگەڕاونەتەوە، و (Tory) یە ئەمەش وشەیەکی ئیرلەندییە بە هەمان مانای سەرەوە دێت[٣].

لە فەرەنساش دروستبوونی پارتە سیاسیەکان بەم شێوازە بە زەقی بەدیاردەکەون، چونکە لە مانگی نیسانی 1789 وە، نوێنەرانی لادێیەکانی فەرەنسا لە نێو کۆمەڵەی گشتی فەرەنسایی، پەیتا پەیتا دەگەیشتنە ناوچەی ڤرسایل (شوێنی یەکەمی کۆمەڵەی گشتی)، تا ڕادەیەك هەستیان بە غەریبی دەکرد، جا نوێنەرانی هەر ناوچەیەك لەگەڵ یەکتری کۆدەبونەوە بۆ دەربازبوون لە هەستکردن بە تەنیایی و لەهەمان کاتدا بتوانن بەهەموویانەوە پاڵپشتی لە بەرژەوەندی ناوچەکەیان بکەن، ویەکەم هەنگاو لەلایەن نوێنەرانی برتۆن دەستی پێکرد کەوا هۆلی قاوەخانەیەکیان بە کریّ ی گرت بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی بەردەوامی تێیدا ئەنجام بدەن، ئا لەم کاتەدا بۆیان دەرکەوت کەوا کۆدەنگیان تەنیا لەسەر پرسە ناوچەگەرییەکان نەبوو، بەڵکو گرفتە سەرەکیەکانی سیاسەتی نیشتمانیشی لە خۆ دەگرت، بۆیە هەوڵیاندا نوێنەرانی ناوچەکانی تریش (ئەوانەی بۆچوونیان لەوان نزیك بوو) بۆ لای خۆیان رابکێشن، بۆیە یانەی برتۆن بەرەو کۆبەندێکی ئایدلۆژی دەرۆیشت، کاتێك کۆمەڵەی گشتی لە ڤرسایل بۆ پاریس گواسترایەوە، ئەم یانەیە ناچار بوو دانیشتنەکانی خۆی هەڵبپەسرێت تاکو شوێنێکی گونجاو دەدۆزنەوە، لەبەر ئەوەی نەتوانرا هۆڵێك بەدەستبهێنن، بۆیە سەرپەرشتیارانی یانەی برتۆن ناچاربوون ژوورێکی نان خواردن لە دێریکدا بە کریّ ی بگرن، لە دواتر بەناوی ئەم دێرە چوونە نێو مێژووە، چونکە ناویان دەرکرد بە یەعقوبیەکان، بەهەمان شێوە یانەی جیرۆندییەکانیش دروستبوو[٤].

## ب- شێوازی دروستبوونی دەرەکی (لە دەرەوەی پەرلەمانەوە):

واتا ئەو پارتە سیاسیانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی پەرلەمان دروستبوون، هەندی جار لەسەر چەند بیرۆکەیەکی دژ بە رژێمەکان پەیدابوونە. ئەم پارتانە لە بنچینەوە لە سەر دەستی رێکخراوی ترەوە دروستبوونە، وەکو: سەندیکاکان وکۆمەڵەی جوتیاران ودەستە بازرگانی وپیشەسازییەکان و

---

(٣) میثم حنظل شریف، التنظیم الدستوري والقانوني للاحزاب السیاسیة في العراق، اطروحة دکتوراه مقدمة الي کلیة القانون بجامعة بغداد، 2003، ص15.

(٤) موریس دیفرجیە، الاحزاب السیاسیة، ترجمة: علي مقلد وعبدالمحسن سعد، ط3، دار النهار للنشر، بیروت، 1980، ص7-8.

کۆمەڵە ئاینیەکان.. هتد، هەروەها بزوتنەوە رزگاریخوازەکان وکۆمەڵە بەرهەڵستکاریەکانی دژ بە داگیرکەران.

نمونەی دروستبوونی پارتی سیاسی لەم شێوازە، پارتی کرێکارانی بریتانیە، کەوا هۆی دروستبوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارەی کۆنگرەی سەندیگاکان لە ساڵی 1899 دەریانکرد، تا رێکخستنێکی هەڵبژاردن وپەرلەمانی دروست بکەن.

ئەو پارتە سیاسیانەی بەم شێوازە دروست دەبن چەند سیفەتێکیان هەیە لە شێوازەکەی پێشتر (شێوازی دروستبوونی دەرەکی) جیایان دەکاتەوە، پارتەکانی شێوازی دەرەکی مەرکەزیەتی زیاتری پێوە دیارە، چونکە لە سەرەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ خوارەوە، هەروەها پارتە سیاسیەکانی دروستبوو بە شێوازی دەرەکی زیاتر یەکگرتوویی و تۆکمەیی ی پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی ئەو پارتە سیاسیەی بە شێوازی نێوخۆیەکە لەسەر دەستی ئەندام پەرلەمانەکان دروست دەبێت وکاریگەری ئەوانی لەسەر زیاترە لە شێوازەکەی تر، چونکە لە جۆری دەرەکیەکە پارتە سیاسیەکە دروست دەبێت بەبێ ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان رۆڵی ئەوتۆیان لەسەر دروستبوونی گێڕابێت.

## 3- جۆرەکانی سیستەمی پارتە سیاسیەکان:

پەیڕەو کردنی سیستەمی پارتە سیاسیەکان لە وڵاتانی ئەمرۆماندا بە کۆمەڵێك فاکتەرەوە پابەندە، هەندێ لەو فاکتەرانەوە تایبەتن بە خودی پارتەکانەوە لە رووی ژمارە، سروشتی پێکهاتەکانیان لە نێو خۆیاندا، سروشتی پەیوەندی نێوان پارتەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا، ئەو ژینگە سیاسیەی سیستەمەکەی تێیدا پەیڕەو دەکرێت، هەروەها یەکێك لە فاکتەرە هەرە زەقەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە هەڵبژاردنەی دەوڵەتەکە پەیڕەوی دەکات.

جا لە روانگەی جیاوازی زاڵبوونی هەندێ لەو فاکتەرانەوە، سیستەمی پارتایەتیەکەش لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕدرێت.

بەڵام لە رووی لێکۆڵینەوەوە، توێژەران لەسەر یەك دابەشبوون بۆ سیستەمی پارتایەتی کۆك نین. چونکە هەندێ توێژەران دوو سیستەم پەسەند دەکەن ئەویش: سیستەمە کێبڕکێیەکان وسیستەمە نا کێبڕکێیەکان، وهەندێکی تریش دابەشبوونی سیستەمەکان بۆ سی جۆر دەگەڕێننەوە: سیستەمی فرە پارتەیاتی، سیستەمی دوو پارتەیاتی، وسیستەمی تاك پارتی، بەڵام لایەنگرانی بۆچوونی دووەمدا لەسەر یەك را کۆك نین، چونکە رەوتێك لە نێوانیان پەیدابوو جۆرێکی تریش زیاد دەکات بۆ ئەم سی جۆرە کە ئەویش سیستەمی پارتی سەرکردەیە(ث)، بەڵام ئەو ڕایە لای زۆرینەی توێژەران پەسەندکراو نیە، لەبەر ئەوەی سیستەمی تاك پارتی وسیستەمی پارتی سەرکردە زۆر جیاوازێکی ئەوتۆیان نیە تا بە دوو سیستەمی جیاواز دابنرێن، ئەگەر چی هەندێ جیاوازی بچووك لە نێوان

(ث) د. حسان محمد شفيق العاني، الانظمة السياسية المقارنة، مطبعة المعارف، بغداد، 1980، ص73.

هەردوو سیستەمدا بەدی دەکرێت، وەکو ئەوەی لە سیستەمی تاك پارتی هیچ پارتێکی تر بوونی نیە لەسەر گۆرەپانی سیاسی دەوڵەتدا، بەڵام لە سیستەمی پارتی سەرکردە ئەوا پارتێکی گەورە هەیە لەگەڵ چەند پارتێکی تری قەبارە بچووك، ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکیانە دیقەت بدەینە ئەو جیاوازەیە دەبینین جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە، لەبەر ئەوەی پەیڕەوکردنی هەردوو سیستەمەکە لەلایەن رژێمە دیکتاتوریەکانەوە دەبێت، چونکە هەر یەك پارتی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، جا بەتەنیا بێت یان چەند پارتێکی تری بێ هێزی لەگەڵدا بێت.

ئێمە لەم توێژینەوەدا بە دابەشبوونی سیستەمەکان بۆ دوو جۆر وەردەگرین، ئەویش سیستەمە کێبڕێیەکانە وسیستەمە ناکێبڕێیەکانە، لەبەر ئەوەی ئەم دابەشکردنە زانستیترە، کەوا لە سیستەمە کێبڕێیەکاندا ئالوگۆڕکردنی دەسەڵات بەشێوازێکی ئاشتیانەوە دەبێت لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە واتە ئەم جۆرە سیستەمانە لە دەوڵەتانی دیموکراسی پەیڕەو دەکرێن، بەڵام لە سیستەمە ناکێبڕێیەکاندا گەیشتن بە دەسەڵات لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە نیە، ئەگەرچی هەڵبژاردنی کارتۆنیش رێکدخرێت، بەڵام ئەنجامی دەنگدانەکە رەنگدانەوەی راست ودروستی ڕای گشتی نیە لەو دەوڵەتانەی رژێمی دیکتاتوری تێیدا حوکم دەکەن، هەتا ئەگەر ناویش لەخۆ بنێن دیموکراسی.

## أ- سیستەمە کێبڕێیەکان:

لە نێو ئەو سیستەمەدا دوو شێواز هەیە، ئەوانیش: شێوازی دوو پارتی و، شێوازی فرە پارتایەتی:

## A- شێوازی دوو پارتی:

بنچینەی ئەم شێوازە بۆ هەبوونی دوو پارتی گەورە لە دەوڵەتێك دەگەڕێتەوە، کەوا کێبڕکێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کێبڕکێ دەکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەو نیە لەو دەوڵەتەی ئەو شێوازەی تیادا سەرهەڵدەدات رێگری هەبێت لەبەردەم بوونی پارتی تر جگە لەو دوو پارتە، چونکە لەوانەیە پارتی بچووکی تریش هەبێت، بەڵام زۆر لاواز دەبن وکاریگەریان کەمترە لەسەر سیستەمی سیاسی وڵات بە بەراورد لەگەڵ دوو پارتە گەورەکە.

پەیدابوونی ئەم شێوازە دەگەرێتەوە بۆ هەردوو دەوڵەتی ئەنگلۆسەکسۆنی: بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هۆیەکانی سەرهەڵدانی ئەو شێوازە لەو دوو دەوڵەتە بۆ چەند فاکتەرێکی تایبەت بە هەردووکیان دەگەڕێتەوە، وەکو گەشەسەندنی مێژوویی تێیاندا.

جگە لەوەی سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی سادە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ پەیدابوون وبەردەوامی ئەو شێوازە، چونکە بە پێ ی ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن ئەو پالێوراوەی زۆرترین دەنگ بەدەست

دەهێنێت (ڕێژەكەی هەرچەندە بێت بە بەراورد لەگەڵ كۆی ئەوانەی دەنگیان داوە) بە براوە دادەنرێت لە ناوچەی هەڵبژاردنیەكەدا.

لایەنی ئەكتیڤی ئەو شێوازە ئەوەیە دەبێتە هۆی دروستكردنی حكومەتێكی سەقامگیر لەو دەوڵەتانەی پەیڕەوی ئەو شێوازە دەكەن، چونكە ئەوەی زۆرینە بەدەست بهێنێت حكومەت پێكدەهێنیت، ئەوەی تر دەبێتە ئۆپۆزیسیون.

لایەنی نیگەتیڤی ئەو شێوازە خۆی لە لەناوچوونی پارتە بچووكەكان، ئەوانەی ناتوانن بۆ چەند جارەك بگەنە دەسەڵات (كەوا ئامانجی سەرەكی هەر پارتێكی سیاسییە) دەبینێتەوە.

## B- شێوازی فرە پارتەیاتی:

ئەو شێوازە بۆ بوونی زیاتر لە دوو پارتی لە دەوڵەتدا دەگەڕێتەوە، هیچ پارتێكیش ناتوانێت بە تەنیا جلەوی دەسەڵات بگرێتە دەست[تر].

بەڕای هەندێ لە توێژەران پەدابوونی ئەو شێوازە بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی ئایدلۆژی وكۆمەڵایەتی وئابوری لە نێو دەوڵەتدا دەگەڕێتەوە، هەروەها كەرتبوونی پارتێك بۆ دوو پارت یان زیاتر بە هۆی جیاوازی ئامانج وچونیەتی تێگەیشتن وروانین بۆ پرسە سیاسیەكاندا[یر].

جگە لەو هۆیانەی سەرەوە، جۆری سیستەمە هەڵبژاردنەكانیش رۆڵی لەسەر پەیدابوونی ئەم شێوازە هەبوو، چونكە پەیڕەوكردنی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەبێتە هۆی فرە پارتایەتی.

هەروەها پەیڕەوكردنی سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی ڕەها (دوو خولی) دەبێتە سەرهەڵدانی فرە پارتایەتی، چونكە مەرجی بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەها زۆر جاران وادەكات هەڵبژاردنەكان دووبارەبكرێتەوە، لە خولی یەكەمدا هەر پارتەو بەتەنیا بەشداری لە هەڵبژاردنەكان دەكات وئەمەش وادەكات پێگەی خۆی لە ناوچەكانی هەڵبژاردن بزانێت، لەخولی دووەمیش هەر پارتەو هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو پارتانە دروست دەكات كە لە ئامانج و بنەماكاندا لێوەیان نزیكە، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی كورسیە جێماوەكانە[ ].

نموونەی كاریگەری سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەسەر پەیدابوونی شێوازی فرە پارتایەتی ئیتالیا وعێراقە، ونموونەی كاریگەری سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە رەهای دوو خولی لە سەر سەرهەڵدانی ئەو شێوازە فەرەنسایە.

---

(تر) د. شمران حمادي. النظم السياسية ، ط4، مطبعة الارشاد، بغداد، 1975، ص151.

(یر) د. محمد كاظم المشهداني، المصدر السابق، ص234.

( ) د. سليمان محمد الطماوي، النظم السياسية، دار الفكر العربي، القاهرة، 1988، ص263-264.

لایەنی ئەکتیڤی شێوازی فرەپارتایەتی خۆی لەڕەخساندنی بوار دەبینێتەوە لەبەردەم هەموو پارتەکان بۆ گەیشتن بە پەرلەمان، هەروەها ئەم شێوازە دەربڕینی راستەقینەیە لە ویست وئامانجی هەموو رەوتەکانی سیاسی دەوڵەتدا.

بەڵام ئەم شێوازە لایەنەکی نیگەتیڤیشی هەیە، دەبێتە هۆی لاوازی وناسەقامگیری حکومەتی ئەو دەوڵەتەی ئەم شێوازە پەیڕەو دەکات لەبەر ئەوەی هیچ کام لە پارتەکان زۆرینەی ڕەها بەدەست ناهینێت بۆ ئەوەی بەتەنیا حکومەت پێك بهینێت، پەنا دەبردرێت بۆ پێکهینانی حکومەتی فرەلایەن (ئیئتلاف) کەوا زۆر بەردەوام نابێت، بەهۆی جیاوازی ئامانجی پارتە هاوپەیمانەکان هەڵدەوەشێتەوە.

بۆیە لەزۆربەی ئەو ولأتانەی ئەم شێوازە پەیڕەو دەکرێت پەنا بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە دەبردرێت، وەکو کویت وئیسرائیل وئیتالیا.. هتد، چاوەڕواندەکرێت لە عێراقیش لە چەند ساڵەی دابێت ئەم قەیرانە رووبدات وحکومەت هەڵبوەشێتەوە وهەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام بدرێت.

## ب- سیستەمە ناکێبڕێیەکان:

لەو سیستەمدا ئەو شێوازانە پەیڕەو دەکرێن کەوا رێگە نادەن پارتە سیاسیەکان کێبڕکی ی دیموکراسی بکەن بۆ بە دەسەڵات گەیشتن، یاخود راستترە بڵێین بە فەرمی یەك پارتی سیاسی بوونی هەیە لەو دەوڵەتانەی ئەو سیستەمە جێ بەجێ دەکەن، ڕێگە نادرێت پارتی تری ئۆپوزیسیون پەیدابن.

ئەگەرچی لەو دەوڵەتانە پارتی تریش جگە لە پارتی دەسەڵات دروست دەکرێت، بەڵام ئەو پارتانەی کە دروست دەکرێن بۆ پێدانی شەرعیەتە بە رژێمەکە وهیچی تر نا.

یەکێك لە سیماکانی تاك پارتی تێکەڵبوونی دەسەڵاتە بە پارتی فەرمانڕەوا، ئەندامی حیزب پێگەی فەرمی هەیە لە دەسەڵاتیش، هەروەها کاروباری دەوڵەت لە نێو ئۆرگانەکانی حیزبدا بەڕێوە دەچێت، کەواتە حیزب حکومەتە وحکومەتیش حیزبە. ئەمەش بەرزترین رەنگدانەوەی رژێمە دیکتاتورەکانە لەسەر ژیانی سیاسی لەو دەوڵەتانەی ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکەن.

لەو جۆرە سیستەمەدا رێگە نادرێت ڕای جیاواز بوونی هەبێت، دەنگی یەکەم وکۆتایی هەر دەنگی حیزبی فەرمانڕەوایە، خۆی هۆی سەربەرزی دەوڵەتەو، ئەگەر ئەو نەبێت دەوڵەت تێکدەچێت، لەیەك کاتدا خۆی دەزگای یاسادانان و جی بەجی کردن و دادیشە. نموونەش حیزبی بەعس لە عێراق وسوریا، پارتی نیشتمانی لە میسر، پارتی کۆبەندی نیشتمانی لە تونس، وحیزبی شیوعی لە یەکێتی سۆڤێیتی جاران ولە دەوڵەتی چین لە ئێستادا..

## 4- جۆرو ئەركەكانی پارتە سیاسیەكانی:

### أ- جۆری پارتە سیاسیەكان:

لەسەرەتادا دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو دەستەواژە بكەین: دەستەواژەی جۆرەكانی سیستەمی پارتە سیاسیەكان و دەستەواژەی جۆرەكانی پارتە سیاسیەكان، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی یەكەم ئاماژەی بۆ جۆری پارتەكان لە ڕووی دەرەوە كردووە، واتە چەند پارت لە گۆرەپانی وڵاتەكەدا بوونیان هەیە، كە پێشتر باسمان لێوە كرد بۆیە لێرەدا باسی ناكەینەوە.

بەڵام دەستەواژەی جۆرەكانی پارتە سیاسیەكان ئاماژەیە بۆ خوێندنەوە ولێكۆڵینەوە لە جۆری پارتە سیاسیەكە لە رووی ناوەوە، جا بەم پێ یە پارتە سیاسیەكان بۆ سی جۆر دابەش دەكرێن(ت):

A- **پارتە ئایدلۆژیاكان:** ئەو پارتانەن كەوا خاوەن بنەما وئایدلۆژیاو بیرۆكەی دیارن، پالپشتی لێ كردنیان وپێوەرگرتنیان لە گرنگترین مەرجەكانی بە ئەندامبوونە تیایاندا.

B- **پارتە براگماتیەكان:** ئەم جۆرە پارتانە ناسراون بە دەستگرتنیان بەبەرنامەیەكی نەرم كە دەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی واقیعدا بگونجێنێت، بە واتای ئامادەباشی پارتەكە بۆ گۆڕینی بەرنامەكەی یان گۆڕینی هێلی گشتی پارتەكە بە پێ ی گەشەسەندنی بارودۆخەكان.

### ب- ئەركەكانی پارتە سیاسیەكان:

1- ئامادەكردنی سیاسی: یەكێك لە ڕاستیەكانی ئەدەبیاتی سیاسەتی بەراورد هەڵسانی پارتە سیاسیەكان بە ڕۆڵگێڕان بۆ ئامادەكردنی ئەندامەكانی بۆ وەرگرتنی پۆستی گشتی، ئەم كردارە دەكرێت لە چەند ئاستێكەوە لێكۆڵینەوەی دەربارەی بكرێت:

أ- ئاستی سەركردایەتی سیاسی نەتەوەیی، چونكە پارتە سیاسیەكان كەناڵێكی گرنگن كەوا تیایاندا هاولاتی هەوڵدەدات بۆ وەرگرتنی پۆستی پلە یەك لە وولاتدا، جا لە سیستەمی تاك پارتی بێت یان سیستەمە كێبڕییەكانەوە بێت، بە رەچاوكردنی ئەو بۆچوونەی دەڵێت پارتی سیاسی بە تەنیا ئەم رۆڵە ناگێڕیت بەڵكو لەگەڵ چەند رێكخراوێكی تر هاوشانە، چونكە لە وولاتی تاك پارتی، پارتەكە بۆ دەستنیشانكردنی سەركردەكانی سەرەوە هاوشانە لەگەڵ سوپاو..هتد، ولە سیستەمە كێبڕییەكانیش بە شێوەیەكی گشتی، دەبینین پارتەكان ناتوانن خۆیان لە پاڵەپەستۆی گروپەكانی ترەوە بدزنەوە، بەڵگەش زیادبوونی ئەوانەی پۆستەكانی سیاسیان بەدەستەوەیە كەوا پێشتر هیچ چالاكی حیزبیان دەربارەیانەوە نەزانراوە.

ب- ئاستی پۆستە حكومییەكان، لێرەدا دەبینین رۆڵی پارتەكان بۆ پڕكردنەوەی پۆستە حكومیەكان لە وولاتێك بۆ وولاتێكی تر جیاوازە، چونكە لە بریتانیا پارتی سەركەوتوو لە هەڵبژاردنەكان كەوا

---

(ت) الاحزاب السياسية (نشأتها، مهامها، تصنيفها، وظائفها). متاح علي الموقع الالكتروني: http://www.esddla.org

زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە رۆڵی خۆی دەگێڕیت بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیران و وەزیرەکان، بەڵام ڕۆڵەکەی ئەوتۆ نیە بۆ پۆستە نزمەکانی تر، ئەگەرچی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پارتی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی رۆڵێکی گەورە دەگێڕیت بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی تری حکومەتەوە، بەجۆرێك زۆر جار سەرۆك پاداشتی ئەندامانی پارتەکەی دەداتەوە بە دامەزراندنیان لە جۆرەها پۆستەکانی حکومەتەوە.

لەگەڵ رۆڵی هەر پارتێك بۆ ئامادەکردن ودەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی پۆستە سەرەکیەکانی حکومەت وەردەگرن، رۆڵێکی تریشی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی پۆستە کارگێڕییەکانی حیزب بەدەست دەگرن، کەوا ئەرکی دروستکردنی سیاسەتی حیزب، کارەکانی پڕوپاگەندە، وپەیوەندییە گشتیەکان، وبەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان، ودەرکردنی رۆژنامەو گۆڤارە حیزبیەکان، ...هتد، پێیان دەسپێردرێت.

2- پێگەیاندنی سیاسی: پارتی سیاسی لە کرداری پێگەیاندنی سیاسی دوو ڕۆڵ دەبینێت، پشتگیریکردنی ئەو رۆشەنبیریە سیاسیە لەئارادایە، لەگەڵ دروستکردنی رۆشەنبیرێکی سیاسی نوێیەوە:

أ- پشتگیریکردنی رۆشەنبیری سیاسی لەئارادایە، کەوا لە ئەنجامی ئەم پاڵپشتیە یان دەبێتە یەککەوتنی سیستەمی سیاسی لە راپەڕاندنی کارەکانی یا دەبێتە ئاسانکاری بۆ ڕاپەڕاندنیان.

ب- دروستکردنی رۆشەنبیرێکی نوی، ئەمەیان لەو دەوڵەتانە بەدی دەکرێت کەسیستەمەکەیان تاککڕەویە، بەو پێیەی ئەرکی پارتی سیاسی لەو سیستەمە بونیادنانی مرۆڤی نوێیە، و جیٚ بەجیٚ کردنی ئەو ئەرکە لەسەر چەند خاڵێك وەستاوە، لەوانە: ئایدلۆژیا، کاریزما، پەیکەری رێکخستنی پارتەکە.

3- بەشداریکردنی سیاسی: ویستی بەشداری سیاسی لەگەڵ زیادبوونی شارستانیەت وگەشەسەندنی ئامرازەکانی پێکگەیشتنی جەماوەری وفراوانبوونی خێندەواری زیاد دەبێت، ودەکرێت چوار جۆر بۆ پەرچە کرداری حکومەتی حیزبی بۆ داواکارییەکانی پەیوەست بە بەشداریکردنەکە باس بکرێت، لەوانە:

أ- سەرکوتکردن، پارتی سیاسی لە خودی خۆیدا گرەنتی نیە بۆ پێشوازیکردنی تاقمی دەسەڵات لە داوایەکانی بەشداریکردن، چونکە لەوانەیە ئەوان ئەگەر ئەو داوایەیان بەهەڕەشە دانا لە سەر بوون و دەسەلاٚتیان یان ئەگەر ئەو داوایانە هەڵقولاٚوبوون لەلایەن ئەو کۆمەلاٚنەی بە دژایەتی کردنیان بۆ ڕژێمی سیاسی ناسراون ئەوا پەنا بۆ سەرکوتکردنیان دەبەن.

ب- کۆکردنەوەی جەماوەر، سیستەمی تاك پارتایەتی هانی بەشداریکردنی سیاسی دەدات، بە مانای کۆکردنەوەی جەماوەر نەك بەمانای بەشداری پیٚ کردنیان لە دانانی سیاسەتی گشتی، چونکە

لەو جۆرە سیستەمانە، هەوڵی سەرکردایەتی سیاسی چڕ دەبێتەوە لە کۆکردنەوەی جەماوەر لە پشت رژێمی سیاسی نەك بۆ شتێکی تر.
ج- رازیبوونی مەرجدار، لەوانەیە دەسەڵاتی سیاسی رێگە بە هێزە جوراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی بدات بۆ ئەوەی پارتەکانی سەر بەو هێزانە رێکبخرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی مەرجدار دەکات، نمونەش رێگەدان بە کۆمەڵە نەتەوەیی وزمانەوانی وئایینی بۆ ئەوەی رێکخستنی حیزبی خۆیان هەبێت بەبێ ئەوەی رێگەیان پی بدرێت بە دەسەڵات بگەن.
د- رەزامەندی تەواوی بێ مەرج، لێرە تاقمی دەسەڵات رێگە دەدەن بەو کۆمەڵانەی داوای بەشداری دەکەن جا بەوەی مافی ئەو بەشداربونەیان پێ دەدەن لە رێگەی ئەو پارتانەی هەبوونیان هەیە یان لە رێگەی دروستبوونی پارتی نوێیەوە، ئەمەش لە رژێمە دیموکراسیە رۆژئاواییەکاندا باوە.
4- بەکامیلبوونی نەتەوەیی: لە گرنگترین هۆیەکانی وەرگرتن بە سیستەمی تاك پارتایەتی (لەلایەن لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە) بەدیهێنانی بەکامیلبوونی نەتەوەییە، کەوا ئینتما دەگوازێتەوە بۆ ئینتما بۆ دەوڵەت. بەڵام ئەو جۆرە سیستەمانە نەیانتوانیوە ئەم ئەرکە جێ بەجێ بکەن، چونکە لەو وڵاتانەی سیستەمی تاك پارتی پەیڕەو دەکەن زۆر ئەستەمە حکومەت لە حیزب جیا بکرێتەوە، حکومەت حیزبە، وحیزبیش حکومەتە، کەواتە حیزب دەبێتە ئامرازێك بەدەست تاقمی دەسەڵات و، حیزب تواناى نامینێت ببێت بە کەناڵێك بۆ بەستنەوەی فەرمانڕەوا ومیللەتەکەی، بەستنەوەی جەماوەر وسیستەمی سیاسیەکە. بەڵام لە سیستەمە کێبڕکێیەکاندا، پارتی دەسەڵات بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی، گرنگی بە دەرخستنی سیمبولە نەتەوەییەکان دەدات، هەروەها ئەو جۆرە بەرنامانە دادەرێژێت کەوا گونجاندن لە نێوان بەرژەوەندییە ناوچەگەرییەکان وبەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانەوە پەیدا بکات لەلایەك، لە نێوان بەرژەوەندی کۆمەڵە جیاوازەکانی ترەوە لەلایەکی ترەوە.
5- کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان: پارتی سیاسی ئامرازێکە بۆ دەستنیشانکردنی پرسە گشتییەکان، بەپێی گرنگیەکەیەوە یەکێك یا زیاتر لەو پرسانەی رووبەڕوی کۆمەڵگا دەبنەوە دیاری دەکات بەپی ی گرنگیەکەیەوە، دواتر دەیخاتە نێو بەرنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە.
6- دروستکردنی سیاسەتی گشتی: پارتی سیاسی یەکێکە لە ئامرازەکانی دروستکردنی سیاسەتی گشتی لە بوارەکانی ئابوری وکۆمەڵایەتی، بەڵکو لە بواری سیاسەتی دەرەوەشدا، لە وڵاتانی سیستەمی تاك پارتی دروستکردنی سیاسەتی گشتی بە گرنگترین ئەرکەکانی حیزب دادەنرێت، هەروەها لە وڵاتانی سیستەمە کێبڕێیەکانیش حیزب لەدانانی سیاسەتی گشتی بەشدارە، ئەمە لەحالەتێکدا ئەگەر هاتوو حیزب لەنێو پەرلەماندا خاوەن زۆرینە بوو، بەڵام ئەگەر هاتوو حیزب لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بوو ئەوا وەکو رەخنەگر بۆ سیاسەتی حکومەت دەردەکەوێت، چونکە هەر پارت وبەرنامە دادەرێژێت، ئەو بەرنامەیە دەبێتە سەرچاوەی سیاسەتی حکومەت ئەگەر جلەوی دەسەڵاتی

گرته دەست یان دەبێته چوارچێوەی رەخنەگرتن لەو سیاسەته ئەگەر نەگەیشته دەسەڵات و وەکو ئۆپۆزیسیۆن مایەوە.

7- پێدانی شەرعیەت: پارتی سیاسی بە سەرچاوەیەکی گرنگی شەرعیەتی رژێمی سیاسی دادەنرێت، لە وڵاتانی سیستەمی تاك پارتی سەرکردایەتی سیاسی تەماشای حیزب دەکات وەکو سەرچاوەی شەرعیەتی سیاسی، چونکە حیزب نەرمی زیاترە لە سوپا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی میللی، هەر حیزبیشە دەتوانێت سوود لە هەموو ئەو سەرکەوتنانەی حکومەت بەدەستی دەهینێت وەربگرێت، بەڵام ئەگەر کەم وکورتی هەبوو ئەوا پەنجەی ڕەخنە ئاراستەی حکومەت دەکات، هەروەها لە سیستەمە کێبڕێیەکانیش حیزب رۆڵی پێدانی شەرعیەت بە دەسەڵاتی سیاسی دەگێڕێت، چونکە فرە پارتایەتی خۆی لە خۆی دا دەربڕینە لە چوارچێوەی شەرعیەتی رژێمەکە، دەستکاریکردنی ئەو فرەییەش بەهەرەشەیەك دادەنرێت بۆ سەر ئەو شەرعیەتە.

# ليستى سەرچاوەكان

1- اوستن رني، سياسة الحكم، ج2، ترجمة: د.حسن علي الذنون، المكتبة الأهلية للنشر، بغداد، 1966.

2- لينين، حول عمل الحزب بين الجماهير، ترجمة: ألياس شاهين، دار التقدم، موسكو.

3- د. صباح مصطفي المصري، النظام الحزبي، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، 2007.

4- د. اسامة الغزالي حرب، الاحزاب السياسية في العالم الثالث، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، 1987.

5- د. محمد كاظم المشهداني، النظم السياسية، مطبعة جامعة الموصل، 1991.

6- ياساى ژماره (17)ى ساڵى 1993ياساى حزبەكانى هەرێمى كوردستانى عێراق)، لە ژماره (15)ى رۆژى 1993/11/6 لە رۆژنامەى پەرلەمان بلاوكراوتەوە.

7- الامر الاداري للمدير الاداري لسلطة الائتلاف المؤقتة في العراق ذي الرقم (97) لسنة 2004 (قانون الاحزاب والهيئات السياسية)، منشور في العدد (3984) من الوقائع العراقية، 2004/6/15.

8- كلينتون روسيتر، الاحزاب السياسيه في امريكا، ترجمه: د. محمد لبيب شنب، دار النشر للجامعات المصرية، 1960.

9- حسين جميل، نشأة الاحزاب السياسية، ط1، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 1984.

10- د. رياض الصمد، مؤسسات الدولة الحديثة، ط1، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، 1997.

11- ميثم حنظل شريف، التنظيم الدستوري والقانوني للاحزاب السياسية في العراق، اطروحة دكتوراه مقدمة الي كلية القانون بجامعة بغداد، 2003.

12- موريس ديفرجيه، الاحزاب السياسية، ترجمة: علي مقلد وعبدالمحسن سعد، ط3، دار النهار للنشر، بيروت، 1980.

13- د. حسان محمد شفيق العاني، الانظمة السياسية المقارنة، مطبعة المعارف، بغداد، 1980.

14- د. شمران حمادي. النظم السياسية ، ط4، مطبعة الارشاد، بغداد، 1975.

15- د. سليمان محمد الطماوي، النظم السياسية، دار الفكر العربي، القاهرة، 1988.

16- الاحزاب السياسية (نشأتها، مهامها، تصنيفها، وظائفها). متاح علي الموقع الالكتروني: http://www.esddla.org